ئایدیاوالا
گۆڤارێکی فکرییە، دوو مانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (٣٧)
شوباتی ٢٠١٣ ساڵی هەشتەم





# رێنیساس ئیتاڵیا

## لە ئینگلیزییەوە: پێشڕەو محەمەد (خانی)

جیهانبینی مۆدێرن، لە بەرانبەر جیهانبینی سەدەکانی ناوەراست، لە ئیتاڵیا لەتەك بزوتنەوەیەکدا سەرەتایگرت، کە پێیدەوترێت «رێنیساس». لە سەرەتادا چەند کەسێك، تایبەت، پێترارك، ئەم جیهانبینیەیان هەبوو، بەڵام لە رەوتی سەدەی پازدەهەمدا بەهۆی زۆرینەی خاوەن زانیارەکانی ئیتاڵیا، چ کەسە ئاینی یان نا ئاینییەکان، ئەم جیهانبینییە برەوی سەند. لە هەندێك روانگەوە، ئیتاڵیایەکانی سەردەمی رێنیساس-جگە لە لیۆناردۆ داڤینتش و چەند کەسێکی دیکە- سەبارەت بە زانست ئەو خواستەیان نەبوو، کە لە سەدەی حەڤدەهەم بەدواوە، بەتایبەت داهێنەران هەیانبوو. سەرباری ئەم نەبوونی خواستەش، نەیانتوانی بە تەواوی لە خورافات، بەتایبەت ئەستڕۆلۆژی، رزگاریان ببێت. زۆرێك لەوان هێشتا رێزی ئەو سەرچاوانەیان دەگرت، کە بە گشتی فەیلەسوفانی سەدەکانی ناوەراست هەیانبوو. سەرەنجام سەرچاوەکانی پەیمانی کۆنیان لەجێی کڵێسا دانابوو. هەڵبەت ئەم کارە هەنگاوێك بوو رووەو سەروەری، لەبەرئەوەی سەرچاوە کۆنەکان ناکۆکیان لەتەك یەکدیدا هەبوو و هەڵبژاردنی یەکێکیان وەکو سەرچاوە، پێویستی بە بڕیارداني تاکەوە هەبوو، بەڵام لە سەدەی پازدەیەمدا کەمتر ئیتالیایەکان رێیان بەخۆیان دەدا پەیوەست بن بە بۆچوونێکەوە، کە لای فەیلەسوفە کۆنەکان یان لە فێرکارییەکانی کڵێسادا سەرچاوەی نەبووبێت.

بۆ تێگەیشتن لە رێنیساس، بە شێوەیەکی گشتی سەرەتا پێویست دەکات چاوێك بە رەوشی سیاسی ئیتاڵیادا بخشێنین. دوای مردنی فرەدریشی دووەم لە ساڵی (١٢٥٠)، زۆرینەی خاکی ئیتاڵیا، لە دەستێوەردانی دەرەکی رزگاری بوو، تا چارلزی هەشتەمی پاشای فەرەنسا لە ساڵی (١٤٩٤) دا هێرشیکردە سەر ئەو وڵاتە. لە ئیتاڵیادا پێنج دەوڵەتی گرنگ لەئارادا بوون: میلان، ڤینسیا، فلۆرەنس، هەرێمی پاپا و ناپۆلی (یان ناپلیس). سەرباری ئەمە، ژمارەیەك میرنشین ی بچوکیش هەبوون، کە بە گوێرەی رێککەوتن لەتەك یەکێك لەو شارە گەورانە یان پەیرەوی لێکردنیان، لەتەك یەکدیدا جیاوازبوون. تا ساڵی (١٣٧٨) جێنۆوا لە بازرگانی و هێزی دەریاییدا کێبەرکێی ڤینسیای دەکرد، بەڵام دوای چەند ساڵێك جێنۆوا بووە پەیرەوی میلان.

میلان، کە لە سەدەی دوازدە و سێزدەهەمدا رێبەری بەرگریکردن بوو لە فیۆدالیزم، دوای شکستی کۆتایی زنجیرەی هۆشینستاوفن، گۆڕا بۆ حکومەتی ڤیسکۆنتی ،

ئەوان خێزانێکی لێهاتوو بوون، کە دەستەڵاتدارێتییەکی پلوتۆکراتیکیان هەبوو، نەك فیۆدالی. ئەم خێزانە بۆ ماوەی (١٧٠) سال، واتا لە سالی( ١٢٧٧-١٤٤٧)، دەستەڵاتدار بوون. دوای سێ سال لە گەڕانەوەی حکومەتی کۆماریی، خێزانێکی نوێ، بە ناوی سفۆرتزا ، کە لەتەك ڤیسکۆنتەکان یەکیان گرتبوو، بوونە دەستەلاتدار و نازناوی «دۆکەکانی میلان»یان وەرگرت. لە (١٤٩٤-١٥٣٥)، میلان مەیدانی جەنگەکانی نێوان فەرەنسییەکان و ئیسپانییەکان بوو، سفۆرتزاییەکان جارێك لەتەك لایەنێك و جارێك لەتەك لایەنێکی دیکەدا یەکیان دەگرت. لەو ماوەیەدا جارێك دوردەخرانەوە و جارێکی دیکەیش بە فەرمی حکومەتیان لەدەستدا بوو. سەرەنجام لە سالی (١٥٣٥)، چارلزی پێنجەم، میلانی کردە پاشکۆی ئیمپراتۆرییەکەی خۆی.

کۆماری ڤینسیا، تایبەت لە سەردەمی مەزنێتی خۆیدا، کەمێك لە دەرەوەی سیاسەتی ئیتالیا بوو. ڤینسیا هەرگیز لەلایەن بەربەرەکانەوە داگیرنەکرابوو، و لە سەرەتادا خۆی بە پەیرەوی ئیمپراتۆرییەکانی خۆرهەڵات دادەنا. ئەم تراڎیسیۆنە، بە هۆی ئەوەی بازرگانی ڤینسیا لەتەك خۆرهەڵاتدا ئەنجام دەدرێت، سەربەخۆیی بەم شارە بەخشیبوو، کە تا رۆژگاری پێکهاتنی کۆنسولی ترێنت (١٥٤٥)یش درێژەی هەبوو، پاولۆ ساربی لەبارەی ئەم شارە مێژوویەکی نوسیوە، کە زۆر ئەنتی-پاپا بووە. پێشتر بینیمان لە رۆژگاری جەنگی خاچدروشمی چوارەمدا، چۆن ڤینسیا پێداگر بوو لەسەر دەستبەسەرداگرتنی کۆنستانتینۆپۆل (ئەستەمبولی ئەمرۆ). ئەم کارە هاوکارییەکی زۆری گەشەکردنی بازرگانی ڤینسیای کرد و بە پێچەوانەوە داگیرکردنی کۆنستانتینۆپۆل لە لایەن تورکەکانەوە لە سالی (١٤٥٣) زیانی بە بازرگانی ڤینسیا گەیاند. بەهۆی ئەوەی بەشێکی ئەوێ پەیوەندی بە دابینکردنی کەرەستەی خۆراکەوە هەبوو، ڤینسییەکان لە سەدەی چواردەهەم و پازدەهەمدا بە پێویستیان دەبینی دەست بەسەر پانتاییەکی زۆری زەوی ئیتالیادا بگرن. بەم کارەیان چەندین دوژمنیان بۆخۆیان زیتکردەوە، کە سەرەنجام یەکگرتنی کامبرای لێکەوتەوە لە سالی (١٥٠٩) و ئەمەش یەکگرتنی شارە بەهێزەکان بوو و شکستیان بە ڤینسیا هێنا. ئەگەری ئەوە هەبوو ڤینسیا لەم رووداوە رزگاری بێت، بەڵام رزگاربوون لەو رووداوە دۆزینەوەی رێگەچارەی کۆتایی رووەو هیند بەهۆی ڤاسکۆ دوگاما (٨-١٤٩٧) نەشیاو بوو.




پێکهاتەی دەستوریی ڤینسیا لە بنەرەتدا دیموکراتیك بوو، هێدی هێدی ئەم لایەنەی لەدەستداً و سالی (١٢٩٧) شێوەیەکی زۆر نزیکی ئۆلیگارشی بەخۆیەوە گرت. بنەرەتی سیاسەتی دەستەلات بریتیی بوو لە «کۆنسلی مەزن»، کە ئەندامبوون تێیدا، لەوە بەدواوە بوو بە پشتاوپشت و تایبەتمەند کرا بە خێزانە پلە یەکەکان. دەستەلاتی بەرێوەبردن لە دەستی «کۆنسلی دە کەسی» دا بوو، کە لە لایەن کونسلی مەزنەوە هەڵدەبژێردران. دۆجە، وەکو سەرۆکی تەشریفاتی دەولەت هەلدەبژێردرا. دەستەلاتی فەرمی ئەو زۆر سنوردار، بەلام لە پراکسیسدا کاریگەرییەکی بەهێزی هەبوو. دیپلۆماسی ڤینسیا بە زیرەکی و هۆشیاری ناسرابوو، گوزارشتەکانی سەفەرەکانی ڤینسیا فرە کاریگەر بوو. لە رۆژگاری رانکە بە دواوە، مێژوونوسان ئەم گوزارشتانەیان لە زۆرترین و باشترین سەرچاوەی پەیوەست بە رووداوەکانەوە، لە توێژینەوەکانیاندا بەکارهێناوە.

فلۆرەنسا شارستانیترین شاری جیهان و هاوکات گرنگترین ناوەندی رێنیساس بوو. کەم تا زۆر، ئەدیبە مەزنەکان لە فلۆرەنسا بوون، هەروەها هونەرمەندە کۆن و دواییەکانی هونەری شێوەسازیش هەر پەیوەست بوون بە فلۆرەنسەوە، بەلام بابەتی توێژینەوەکەی ئێمە بریتییە لە رەهەندی سیاسیی نەك رەهەندی کلتوری. لە سەدەی سێزدەهەمدا سێ کاست (چین) لە فلۆرەنسادا هەبوون، کە لە ململانێیەکی سەختدا بوون لەتەك یەکدیدا. ئەم سێ چینە بریتیبوون لە: خانەدانەکان، بازرگانە دەولەمەندەکان و مرۆڤە پلە نزمەکان. خانەدانەکان زێتر لەبەرەی گروپی گیبلین بوون و دوو چینەکەی دیکەیش لایەنگری گروپی گوێلف بوون. گیبلینەکان سەرەنجام لە سالی (١٢٦٦) شکستیانهێنا، و لە ماوەی سەدەی چواردەهەمدا مرۆڤە پلە نزمەکان بوون بە بازرگانی دەولەمەند. بەلام ئەم ململانێ و دژبەرییە، دیموکراسیەتێکی پایەداری لێنەکەوتەوە، بەڵکو وردە وردە گۆرا بۆ رژێمێك، کە گریکەکان پێیاندەگوت «ستەمکاری». خێزانی مەدیتچی، کە سەرەنجام دەستەلاتی فلۆرەنسییان بەدەستەوە گرت، سەرەتا وەکو لایەنگری سیاسەتی دیموکراتیك دەستبەکار بوون. کۆزیمۆ دی مەدیتچی (١٣٨٩-١٤٦٤)، یەکەمین کەسی ئەو خێزانە بوو، کە ناوبانگ و گرنگی هەبوو، هێشتا

پێگەیەکی فەرمی نەبوو. نهێنی دەسەڵاتی ئەو، بریتی بوو لە لێهاتووییەکەی لە هەڵبژاردنی کاروبارەکان. ئەو کەسێکی زیرەك بوو، و لە رەوشی شیاودا ناتوندوتیژ و لە رەوشی ناچارەکیدا توندوتیژ بوو. دوای ئەو بە ماوەیەکی کەم، نەوەکەی بەناوی لۆرێنتزۆ ی شکۆمەند جێگەی ئەوی گرتەوە و لە (١٤٦٩) تا کاتی مردنی (١٤٩٢)، جڵەوی دەسەڵات لای ئەو بوو. هەردووکیان بەهۆی سامانەکانیانەوە بەم پلانە گەیشتبوون، کە ئەم سامانەیشیان بەهۆی بازرگانی، هەروەها بەهۆی هەناردەکردنی کانزاکان و پیشەسازییەوە دەستەبەر کردبوو. ئەوان لەوە تێگەیشتبوون، کە چۆن هەم ماڵی خۆیان و هەم شاری فلۆرەنسا ئاوەدان بکەنەوەو ، بەم هۆیەوە شار لە سەردەمی ئەواندا، گەیشتە ئاستێکی بەرزی دەوڵەمەندی و ئاوەدانی.

پیترۆ کوری لۆرنتزۆ وەکو باوکی لێهاتوو نەبوو و لە ساڵی (١٤٩٤) دورخرایەوە. دوای ئەو، چوار ساڵ کاریگەریی و هەژمونی ساڤۆنارۆلا دەرکەوت، لەو ماوەیەدا پیوریتان گەرایەوە، کە دژ بە شادی و خۆشگوزەرانی بوو و هزری ئازاد و هاوکات رووەو جۆرێك سروتی ئاینی ئاراستەی وەرگرت، کە بە گشتی سادەتر دەهاتە بەرچاو. بەڵام سەرەنجام، زێتر بەهۆی سیاسییەوە، دوژمنانی ساڤۆنارۆلا سەرکەوتن و ئەویان لە سێدارەدا و جەستەکەیشیان سوتاند (١٤٩٨). رژێمی کۆماری، کە بە فەرمی دیموکراتیك و لە راستیدا پلوتۆکراتیك (رژێمی بەهێزەکان) بوو، تا ساڵی (١٥١٢) درێژەی کێشا، تا ئەو کاتەی مەدیتچییەکان جارێکی دیکە گەرانەوە. یەکێك لە کورانی لۆرنتزۆ، کە لە چواردەساڵیدا بە پلەی کاردینالی گەیشتبوو، لە ساڵی (١٥١٣) وەکو پاپا دەستنیشانکرا و بە ناوی لیۆی دەیەم لەسەر تەختی پاپایەتی دانیشت. خێزانی مەدیتچی وەکو گراندوکەکانی توسکانی تا ساڵی (١٧٣٧) حوکمران بوون لە فلۆرەنسا، بەڵام لە میانەی ئەم بارودۆخانەدا، فلۆرەنساش وەکو شوێنەکانی دیکەی ئیتالیا، هەژار کەوتبوو و گرنگی نەمابوو.

دەسەڵاتی دنیایی پاپا، کە سەرچاوەکەی خۆی لە پێپین و بەخششی ساختەی کۆنستانتین وەردەگرت، لە رۆژگاری رێنیسانسدا، دەسەڵاتەکەی فراوانتر بوو، بەڵام ئەو میتۆدەی پاپاکان بەکاریاندەهێنا بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، ئابروی رۆحانیەتی دەزگای پاپای بردبوو. بزوتنەوەی شورایی ، کە لەتەك دژبەرییەکەی نێوان کونسلی بازیل و پاپا ئۆژینوسی چوارەم (١٤٣١-١٤٤٧)، بە سەرەنجامێکی ترسناك گەیشت، نوێنەری جدیترین توخمەکانی کڵێسا بوو، و گرنگترین نوێنەری بۆچوونی کڵێسایی یەکانی باکوری ئالپ بوو. سەرکەوتنی پاپاکان، سەرکەوتنی ئیتالیا بوو و (بە ئەندازەیەکی کەمتریش) سەرکەوتنی ئیسپانیا بوو. شارستانێتی ئیتالی، لە نیوەی دووەمی سەدەی پازدەهەمدا، جیاوازییەکی زۆری لەتەك شارستانێتی وڵاتە باکورییەکان هەبوو، کە هێشتا لە نێو نەریتی هزرینی سەدەکانی ناوەراستدا بوون. ئیتاڵییەکان لە کلتوردا جدی بوون، بەڵام لە مۆراڵ و ئایندا بەم چەشنە نەبوون. تەنانەت لای کڵێساییەکانیش، جوانی و رەوانبێژی لە زمانی لاتینیدا، گوناه و هەڵەیەکی زۆر دادەپۆشێت. نیکۆلاسی پێنجەم (١٤٤٧-١٤٥٥)، یەکەمین پاپای هیومانیست، کاری پاپایی دەدایە سکۆلارەکان و رێزی سکۆلاری و زانستی ئەوانی دەگرت و سەرنجی نەدەدایە شتەکانی دیکە. لۆرنتزۆ ڤالا کەسێکی ئێپیکوریست بوو و کەسێك بوو ئەوەی سەلماند، کە بەخششی کۆنستانتین ساختەیە و گاڵتەی بە شێوە وەرگێرانی ڤۆلگات (نوسخەی سەرەکی تەورات) دەکرد و سانت ئۆگۆستینۆسی بە کافر دادەنا، سەرباری هەموو ئەمانە، بە سکرتێری کاروبارەکانی پاپا دەستنیشانکرا. ئەمە سیاسەتی هاندانی هیومانیزم و لەسەرتردانانی بوو بەسەر دینداری یان ئۆرتۆدۆکسیدا و ئەم سیاسەتەش تا داگیرکردنی رۆم لە (١٥٢٧)دا درێژەی هەبوو.

هاندانی هیومانیزم، ئەگەرچی بە جدی باکورییەکانی توشی شۆك کردبوو، لە پنتی تێروانینی ئێمەدا لەوانەیە پەسەندکراو بێت، بەڵام سیاسەتی جەنگویستی و ژیانی نامۆراڵی پاپاکان لە هەموو پنتێکی روانیندا نەشیاوی بەرگریلێکردنە، مەگەر لە روانگەی سیاسەتی دەسەڵاتبازی پەتییەوە. ئالێکساندەری شەشەم (١٤٩٠٢-١٥٠٣) لە تەواوی ئەو ماوەیەدا، پۆستی پاپایەتی خۆی بەکارهێنا بۆ گەورەکردنی خۆی و خێزانەکەی. ئەو دوو کوری هەبوو، یەکێکیان دۆکی گاندیا و ئەویدیکەیان چزارە بۆرژا (سێزار بۆرژیا) و یەکەمیانی زۆر خۆشدەویست، بەڵام دۆك کوژرا و ئەگەری ئەوە هەبوو بکوژەکە هەمان براکەی خۆی بێت، کەواتە هیوا و ئارەزووی پاپا بۆ چێکردنی دایناستیك (یان زنجیرە)، گەرەکبوو چزارە لەبەرچاو بگرێت. پاپا لەتەك کورەکەیدا دەستیان بەسەر رۆمانا و ئانکۆنا دا گرت و مەبەستی بوو میرنشینێك لەم دوو شوێنە دابمەزرێنێت بۆ چزارە. بەڵام کاتێك پاپا مرد، چزارە زۆر نەخۆش بوو و بەم هۆیەوە نەیتوانی زوو دەستبەکار بێت. بەمجۆرە داگیرکارییەکەی ئەوان بە میراتی بۆ سانت پیتەر مایەوە. خراپەکاری ئەم دوو کەسە خێرا بوو بە ئەفسانە و سەختە بتوانین ئەو کوشتارە زۆرەی خراوەتە ئەستۆی ئەوان، راست لە ناراست جیابکەینەوە. بەڵام لەمەدا هیچ گومانێك نییە، کە ئەوان هونەری پەیمانشکێنی و خیانەتیان زێتر بەردەکەوێت. یولیوسی دووەم (١٥٠٣-١٥١٣)، کە بوو بە جێگرەوەی ئالێکساندەری شەشەم، هونەرێکی بەرچاوی نەبوو سەبارەت بە ئایینداری، بەڵام لە پێگەکەی خۆیدا کەمتر ئەگەری سکاندال و ریسوایی بەدەستەوەدا. ئەویش پرۆسیسی بەرفراوانکردنی هەرێمی پاپای درێژە پێدا. وەکو سۆلیدەرێك (کەسێتی سوپایی)، هەندێك لێهاتوویی تێدا هەبوو، بەڵام وەکو رێبەرێکی کڵێسای کریستیانی ناشایستە بوو. ریفۆرم، کە لە رۆژگاری دەسەڵاتدارێتیی جێنشینەکەی

ئەو، واتا لیۆی دەیەم (١٥١٣-١٥٢١) دەستپێکرد، بەرهەمی سروشتی سیاسەتی بەدبینانە (یان کافرانە)ی پاپاکانی رۆژگاری رێنیساس بوو.

سنوری کۆتایی باشوری ئیتاڵیا لە دەستی شانشینی ناپۆلی دابوو، کە سیسیلیش بە گشتی یەکێتی لەتەکیدا هەبوو. ناپۆلی و سیسیل پێشووتر سەر بە شانشینی تایبەت و کەسێتی فرەدریشی دووەمی ئیمپراتۆر بوون. ئەو پاشایەتییەکی رەها ی لەسەر مۆدێلی رژێمە محەمەدییەکان (یان رژێمە ئیسلامییەکان) دامەزراندبوو، کە رۆشن، بەڵام دیسپۆتیك بوو، و هیچ جۆرە دەستەڵاتێکی بۆ خانەدانە فیۆداڵەکان دانەنابوو. دوای مەرگی ئەو، ناپۆلی و سیسیل کەوتنە دەستی کورە نایاساییەکەی مانفرێد، بەڵام ئەم کۆرە دوژمنایەتی هەمیشەیی کلێساێ بە میراتی برد و لە ساڵی (١٢٦٦) لە لایەن فەرەنسییەکانەوە دوورخرایەوە. فەرەنسییەکان دژایەتیکردنی خەڵکیان بەرەو لای خۆیان راکێشا و راستییەکەی لە «نوێژی ئێوارەی سیسیل» دا (١٢٨٢) کوشتارێکی زۆر ئەنجام درا. دوای ئەم رووداوە، هەرێمی ناپۆلی و سیسیل درا بە پیتەری سێیەمی ئاراگۆن و میراتگرەکانی. دوای چەند گیروگرفتێکی جیاواز، کە بووە هۆی جیابوونەوەیەکی کاتی ناپۆلی و سیسیل، جارێکی دیکە ئەم دوو هەرێمە لە ساڵی (١٤٤٣)دا لە ژێر دەستەڵاتی ئالفۆنسۆی مەزن ، کە لایەنگرێکی بەرجەستەی شیعر و ئەدەب بوو، یەکیان گرتەوە. لە ساڵی (١٤٩٥) بەدواوە، سێ پاشای فەرەنسی هەوڵیاندا بەسەر ناپۆلیدا زاڵ بن، بەڵام سەرەنجام ئەم شانشینە کەوتە ژێر فەرمانرەوایی فێردیناند ئاراگۆن (١٥٠٢). چارلزی هەشتەم و لیۆی دوازدەهەم و فرانسیسی یەکەم، پاشاکانی فەرەنسا، هەموویان داوای میلان و ناپۆلیان دەکرد (کە ئەمە لە روانگەی مافەوە نایاسایی بوو). هەموو ئەوان ئیتاڵیایان داگیرکرد و سەرکەوتنێکی کاتیشیان بەدەستهێنا، بەڵام سەرەنجام هەموویان بەرانبەر



بە ئیسپانییەکان شکستیان هێنا. سەرکەوتنی ئیسپانیا و دژایەتیکردنی ریفۆرم، رێنیساسی ئیتاڵیا کۆتایی پێهێنا. لەبەرئەوەی پاپا کلیمێنتی حەوتەم بەربەستێك بوو لەبەردەم «دژە ریفۆرم» و وەکو یەکێك لە بنەماڵەی مەدیتچی، لەتەك فەرەنسادا دۆست بوو، بۆیە چارلزی پێنجەم فەرمانیدا بە سوپایەکی گەورەی پرۆتێستانت دەست بەسەر رۆمدا بگرن. دوای ئەم رووداوە، پاپاکان هاتنەوە ناو ئاین، و رێنیساسی ئیتالیا کۆتایی پێهات.

یاری سیاسەتی هێز لە ئیتاڵیا بەجۆرێکی نەشیاوی باوەرکردن ئاڵۆز و دژوار بوو. میرە بچوکەکان، کە بە گشتی ستەمکارییەتی ناوچەکەی خۆیان دروستکردبوو، جارێك لەتەك شارێکی گەورەدا یەکیان دەگرت و هەندێك جاری دیکەیش لەتەك شارێکی دیکەدا پەیوەندی دۆستایەتیان دەبەست، و ئەگەر باش یاریان نەکردبایە، ئەوا حساپیان تەواو بوو. بەردەوام جەنگ لە ئارادا بوو، بەڵام تا رۆژگاری هاتنی فەرەنسییەکان، لە ساڵی (١٤٩٤)دا، ئەم جەنگانە تا ئاستێك بێ خوێنرشتن بوون، لەبەرئەوەی سەربازەکان بەکرێگیراو بوون، کە دەیانویست مەترسی پیشەکەیان کەم بکەنەوە. ئەم جەنگانەی ئیتاڵیا، نە دەبووە رێگر لە بەردەم بازرگانی و نە رێگرپش بوو لەبەردەم کەڵەکەبوونی سامان و دارایی وڵات. سیاسەتڤان زێتر دەبوون، بەڵام سیاسەتڤانی دانا بووونی نەبوو. کاتێك فەرەنسییەکان هاتن، وڵات لە پراکتیکدا بێ بەرگری بوو. سەربازە فەرەنسییەکان، کە خەریکی کوشتارێکی راستەقینە بوون، بوونە هۆی شۆکی ئیتاڵیاییەکان. ئەو جەنگانەی دواتر لە نێوان فەرەنسییەکان و ئیسپانییەکاندا روویدا، جەنگی ترسناك بوون و ئازار و هەژارییان بەدوای خۆیاندا هێنا. بەڵام دەوڵەتشارە ئیتاڵیاییەکان درێژەیان بە پیلانگێری و گەڵەکۆمەکێ لە دژی یەکتری دەدا و دەستێوەردانی فەرەنسایی و ئیسپانییەکانی لێدەکەوتەوە لە کێشەی ناوخۆدا، بێ ئەوەی ئەوان هیچ جۆرە هەستێکی یەکێتی نەتەوەییان هەبێت. سەرەنجام هەموو شتێك لەنێوچوو. پێویستە ئەوەش بڵێین بەهۆی دۆزینەوەی ئەمەریکا و رێگەی ئومێد رووەو خۆرهەڵات، لەنێوچوون و ناگرنگبوونی ئیتاڵیا شتێکی چاوەروانکراو و ناچارەکی بوو، سەرەنجام ئەم دارمانە کەمتر

والا
ئاپێپا
گۆڤارێکی فکرییە دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (٣٧)
شوباتی ٢٠١٣ ساڵی هەشتەم

دەیتوانی کارەساتبار و وێرانکاری شارستانێتی ئیتاڵیا بێت.

ڕێنیساس قۆناغی سەرکەوتنە مەزنەکان نەبوو لە کایەی فەلسەفەدا، بەڵام لەو قۆناغەدا چەند کارێك کران، کە جەوهەری پێشەکییە مەزنەکانی سەدەی حەڤدەهەمی پێکهێنا. یەکەم شکاندنی سیستمی سکۆلاستیسیزم، کە وەکو سەختی و زنجیرێکی هزری لێهاتبوو. ڕێنیساس لێتوێژینەوە لە فەلسەفەی پلاتۆنی زیندوکردەوە و بەم هۆیەوە ئاستێك ئازادی هزری هێنا، کە پێویستیی هەڵبژاردن بوو لە نێوان پلاتۆن و ئەریستۆتێلیسدا. لەبارەی ئەم دوو فەیلەسوفەوە، ڕێنیساس زانیاری سەربەخۆ و ڕەسەنی لەبارەی ئەوانەوە بەدەستەوە دا، کە لە لای نیۆپلاتۆنیست و ڕاڤەکارە عەرەب زمانەکاندا قەتیس مابوو. لەمە گرنگتر ئەوە بوو ڕێنیساس چالاکی هزری بە کارێکی چێژبەخشی کۆمەڵایەتی دادەنا و نەك وەکو لێهزرینێکی سنوردار و پابەند، کە ئامانجێکی دیکەی نەبوو، جگە لە خۆپاککردنەوە لە نێو ئۆرتۆدۆکس (ئاینزا)یەکی دیاریکراودا.

دانانی پلاتۆن لە بری ئەریستۆتێلیسی قۆناغی سکۆلاستیسیزم، لە دەرەنجامدا بەهۆی سکۆلارە بیزەنتییەکانەوە پێشخرا، تەنانەت لە کونسلی فێرارا (١٤٣٨) دا، کە کڵێساکانی خۆرهەڵات و خۆرئاوای لە ڕووی ناوییەوە، یەکپێگرتن، دیباتێك هاتە ئاراوە، تێیدا بیزەنتییەکان داوایان دەکرد پلاتۆن بە باڵاتر دابنرێت نەك ئەریستۆتێلیس. گێمیستوس پلێتۆ ، کە گریکییەکی پلاتۆنیستی دلگەرم بوو و گومانێکی زۆری سەبارەت بە باوەڕیی ئەرتۆدۆکسی (کڵێسایی) هەبوو، لە برەوپێدانی فەلسەفەی پلاتۆن لە ئیتاڵیادا، کاریگەرییەکی زۆری نواند. بێساریۆنی گریکی، کە بە پلەی کاردینالی گەیشت، ئەویش بەو ئەندازەیە کاریگەری نواند. کۆزیمۆ و لۆرنتزۆ دو مەدیتچی هەردووکیان خویان بە پلاتۆنەوە گرتبوو. کۆزیمۆ ئاکادیمیای فلۆرەنسی دامەزراند، کە زێتر کارەکەی بریتی بوو لە لێتوێژینەوە لەبارەی پلاتۆن، و لۆرنتزۆش درێژەی پێدا. کۆزیمۆ لەکاتی سەرەمەرگدا گوێی لە دیالۆگیی پلاتۆن دەگرت، بەڵام هیومانیستەکانی ئەو ڕۆژگارە ئەوەندە کاتی خۆیان بۆ زانست و زانینی قۆناغی ئەنتیکە تەرخانکردبوو، مەودای هیچ داهێنانێکی ڕەسەنی فەلسەفەییان نەبوو.

ڕێنیساس بزوتنەوەیەکی جەماوەریی نەبوو، بەڵکو بزوتنەوەیەك بوو پێکهاتبوو لە ژمارەیەکی کەمی سکۆلار و هونەرمەندان، کە لەلایەن بەرگریکارانی هزری لیبەراڵ، بەتایبەت بنەماڵەی مەدیتچی و پاپا هیومانیستەکانەوە پشتگیری دەکران. پێترارك و بۆکاتچیۆ لە سەدەی چواردەهەمدا، لە ڕوانگەی هزرییەوە پەیوەستن بە قۆناغی ڕێنیساس، بەڵام بەهۆی جیاوازیی ڕەوشی سیاسیی ڕۆژگاری خۆیان، کاریگەریی ڕاستەوخۆیان کەمتر بوو لە هیومانیستەکانی سەدەی پازدەهەم.

ناتوانین بە ساناهی شێوازی بەریەککەوتنی سکۆلارەکانی ڕێنیساس لەتەك کڵێسادا بناسێنین. هەندێك لەو هزر-ئازادانە دوو لایەنە بوون، کاتێك لە مردن نزیك دەبوونەوە، ڕێورەسمی چەورکردن یان ئەنجام دەدا و لەتەك کڵێسادا ئاشت دەبوونەوە. زۆرێك لەوان لە خراپەکاری و گەندەڵی پاپاکانی هاوچەرخی خۆیان ئازاریان دەبینی، بەڵام لەتەك ئەوەشدا بەخۆشحالییەوە بەرەوپیری فەرمانەکانیان دەچوون. گیچیاردینی مێژوونوس لە سالی (١٥٢٩)دا وەها دەنوسیت:

«هیچ کەسێك بە ئەندازەی من بێزار نییە لە چاوچنۆکی و زێدەخوازی کەشیشان، نە تەنها بەهۆی ئەوەی، کە هەریەك لەم گوناه و نەنگیانە لەخۆیاندا نەفرەت هێنە، بەڵکو بەم هۆیەوەش کە هەریەك و هەموو ئەوان زۆر دزێون، کە دەڵێن پەیوەندییەکی تایبەتییان لەتەك خودادا هەیە، هەروەها بەهۆی ئەوەی ئەم گوناهانە وەها دژبەری یەکدین، کە کۆکردنەوەیان تەنها لەلایەن ئەو کەسانەوە شیاوە، کە سروشتێکی بانئاساییان هەبێت. سەرباری ئەمە، ئەو پێگانەی من لە دەرباری چەندین پاپادا هەمبووە، منی ناچار دەکرد بۆ خاتری بەرژەوەندی خۆم، ئاواتی گەورەییخوازی بۆ ئەوان بخوازم، بەڵام ئەگەر ئەم شتە لە ئارادا نەبایە، من مارتین لۆتەرم وەکو گیانی خۆم خۆشدەویست. نەك بەهۆی ئەوەی من لەو یاسایانە ڕزگاریم بێت، کە کریستیانیتی دایناون، بەلکو بەو هۆیەوەی ڕۆژێك ببینم ئەو لات و درۆزنانە بێنە ژێرباری ئەمەوە، بۆ ئەوەی ناچار ببن یان بێ نەنگی و گوناه بژین یان بێ دەستەڵات».

ئەمە دەربرینێکی چێژبەخشی ڕاشکاوانەیە، و نیشانی دەدات، کە بۆچی هیومانیستەکان نەیانتوانیوە ریفۆرم دەستپێبکەن. سەرباری ئەمە، زۆربەی ئەوان نەیانتوانیوە ئاستێکی کەمی نیوەڕێگەی نێوان ئۆرتۆدۆکسی و هزرینێکی ئازاد بهێننە ئاراوە. ڕەوشێکی وەکو هی لۆتەر، بۆ ئەوان شتێکی نەشیاو بوو، لەبەرئەوەی ئەو پەیوەندییەی سەدەکانی ناوەڕاستیان نەبوو سەبارەت بە تیۆلۆژیی. ماسوتچیۆ ، دوای باسکردنی گەندەڵی و خراپەکاری ئەم ڕاهیب و ڕاهیبەیانە، دەڵێت:

«باشترین سزا بۆ ئەوان ئەوەیە، کە خوداوەند پاکیان نەکاتەوە، لەو شێوەیەدا ئیدی ئەوان هیچ خێرێکیان نابێت و ناچار دەبن دوبارە خاکەنازەکانیان بەدەستەوە بگرن»، بەڵام بە پێچەوانەی لۆتەر، ئەو وای نابینێت، کە هاوکات پاراستنی بەشێکی گەورەی باوەڕی کاتۆلیکی، بوونی پاککردنەوەیان

ڕەتبکرێتەوە.

تەنها کەمێك لەو سامانەی ڕۆم پەیوەندی بە دارایییەوە هەبوو، کە لە هەرێمی پاپاییەوە وەردەگیرا، و بەشی زۆری لەو باجەوە دابیندەکرا، کە لەجیهانی کاتۆلیکیدا کۆدەکرایەوە، و ئامرازی کۆکردنەوەی ئەم باجەش بریتیی بوو لە سیستمێکی تیۆلۆژیی، کە دەیوت کلیلی بەهەشت لە دەستی پاپا دایە. هەر ئیتالیایەك، کە بە شێوەیەکی کاریگەر ئەم سیستمە تیۆلۆژییەی ڕەخنە بکردایە، ئەوا دەبووە هۆی مەترسی هەژاری ئیتالیا و هاوکات دەبووە نەمانی پێگەی ئەو وڵاتە لە جیهانی خۆرئاوادا. سەرەنجام بێ باوەڕیی ئیتالیایەکان سەبارەت بە کڵێسای کاتۆلیك (ئەرتۆدۆکس) لە سەردەمی ڕێنیساسدا تەنها ڕەهەندێکی هزری پەتی هەبوو و نەبووە هۆی جیابوونەوەیەکی بنەڕەتی، یان چێبوونی بزوتنەوەیەکی جەماوەری دژ بە کڵێسا. تاکە جیاوازی، ئەویش جیاوازییەك، کە تەنها بەشێکی زۆر کەمی کێشەکەی لەخۆ دەگرێت، ساڤۆنارۆلایە، کە لە ڕوانگەی هزرییەوە پەیوەست بوو بە سەدەکانی ناوەڕاستەوە.

زۆرینەی هیومانیستەکان ئەو بیروباوەڕییە خورافیانەیان پاراستبوو، کە لە سەردەمی ئەنتیکەدا لایەنگرانی زۆر بوو. جادو و جادوگەری لەوانەبوو بە خراپ سەیر بکرێت، بەڵام بە نەشیاو دانەدەنرا. ئینۆسێنتی هەشتەم لە ساڵی (١٤٨٤)دا فەرمانێکی دژ بە جادوگەری دەرکرد، کە ئازار و ئەشکەنجەی ژنانی جادوگەری لە ئەڵمانیا و دەڤەرەکانی دیکەدا لێکەوتەوە. ئەسترۆلۆژیی (ئەستێرەزانی) بە تایبەت لە تێڕوانینی هزرئازادەکاندا پەسەندکراو بوو، و وەها برەوی پەیداکردبوو، کە لە ڕۆژگارەکانی دێریندا وەها پێشینەیەکی نەبوو. یەکەمین کاریگەری ئازادبوون لە بەرانبەر کڵێسادا ئەوە نەبوو، کە خەڵکی عەقڵانیانە بیربکەنەوە، بەڵکو ئەوە بوو هۆشیان سەبارەت بە هەموو جۆرە دەربڕینێکی پوچی سەردەمی کۆن ئاوەڵا بکەنەوە.

مۆرالیش، یەکەمین کاریگەریی ڕزگاربوون، بە هەمان ئەندازە کارەساتبار بوو. ڕێسا مۆرالییە کۆنەکان هیچ ڕێزێکیان نەما، زۆرینەی ڕێسادانەر و دەستەڵاتداران پێگەکەیان بە نارەوا بەدەستهێنابوو، و بە زۆرداریەوە هەولی پاراستنیان دەدا. کاردینالەکان کاتێك بۆ تاج لەسەرنانی پاپا بانگهێشت دەکران، لە ترسی ژەهرخواردکردن، شەراب و وپسکیان لەتەك خۆیاندا دەبرد. جگە لە ساڤۆنارۆلا، کەمتر ئیتالیایەکان بەخاتری بۆنەیەکی گشتی، خۆیان دەخستە مەترسییەوە. زیانەکانی گەندەڵی دەزگای پاپا ئاشکرا بوو، بەڵام هیچ کارێك بۆ ڕیفۆرم تێداکردنی ئەنجام نەدرا. داواکردنی یەکێتی ئیتالیا دەرکەوتبوو، بەڵام دەستەڵاتدارلان توانستی یەکگرتنیان نەبوو لەتەك یەکدیدا. مەترسی زاڵبوونی دەرەکی لە هەڵکشاندا بوو، سەرباری ئەمە، دەستەڵاتدارانی ئیتالیا بەهۆی ئەو جیاوازییەی لەتەك یەکدیدا دەهاتە ئاراوە، ئامادە بوون، کۆمەکی دەستەڵاتی دەرەکی، تەنانەت هی تورکیش، بکەن. لەو قۆناغەدا وای نابینم هیچ تاوانێك هەبێت، مەگەر لەنێوبردنی مانوسکریپتەکانی (دەستنوسەکانی) کۆن، کە خەڵکی ڕۆژگاری ڕێنیساس زۆر خۆیان لەم کارە نەدەدا.

لە دەرەوەی کایەی مۆرالیدا، ڕێنیساس شایستەیی مەزنی هەبوو. لە تەلارسازی، شێوەسازی، و شیعردا ئەو قۆناغە ناوبانگی خۆی پاراستوە. ڕێنیساس چەندین مرۆڤی مەزنی وەکو لیۆناردۆ داڤینتش، مایکل ئانگیلیۆ و ماکیاڤێللی هەبوو. مرۆڤە پەروەردەکراوەکان ڕزگاریان بوو لە کلتوری خنکێنەری سەدەکانی ناوەڕاست، و سکۆلارەکان، کە هێشتا کۆیلەی نەریتی کۆن بوون، لەو پنتە بەئاگا هاتنەوە، کە سەرچاوە ناسراوەکان لە هەر بابەتێکدا باوەڕیی جیاواز و لێکنەچوویان تێدایە. ڕێنیساس لەتەك زیندوکردنەوەی زانین و زانست سەبارەت بە گریك، وەها ژینگەیەکی هزری هێنایە ئارا، کە تێیدا جارێکی دیکە ئەگەری ئەوە هەبوو کێبەرکێی هێلینییەکان بکات، و تێیدا بلیمەتی تاك بە جۆرێك گەشەی کرد، کە لە ڕۆژگاری ئالێکساندەر بەدواوە وێنەی نەبوو. ڕەوشە سیاسییەکانی ڕێنیساس کۆك بوو لەسەر پەروەردەبوونی تاك. ناجێگیری و تاکگەرایی ، وەکو ئەو ڕەوشەی لە گریکی ئەنتیکەدا هەبوو، پەیوەندپیەکی نزیکیان لەتەك یەکدیدا هەبوو. سیستمێکی کۆمەڵایەتی جێگیر پێویستە، بەڵام هەموو ئەو سیستمانەی تا ئەو کات هاتبوونە ئارا، ڕێگر بوون لەبەردەم گەشەسەندن و پەرەسەندنی توانستە هونەری و هزرییەکان. ئایا ئێمە ئامادەین بەرگەی چ ئەندازەیەك کوشتار و ئانارشی بگرین بە خاتری ئەو بەرهەمە گەورانەی لە شێوەی بەرهەمەکانی ڕێنیساس داهاتون؟ لەمە بەدواوە، ئەمڕۆ کەمتر. تا ئێستا هیچ ڕێگەچارەیەك بۆ ئەم کێشەیە نەدۆزراوەتەوە، ئەگەرچی زیادبوونی ئۆرگانی کۆمەڵایەتی هەر ڕۆژە و لە گرنگییەکەی زیاد دەکات.

**سەرچاوە:**

Bertrand Russell: The History of Western ,Philosophy, Simon and Schuster, New York ,١٩٤٥ .pp.٤٩٥-٥٠٣



ئاپێپا والا
گۆڤارێکی فکریی وەرزانەیە
جارێك دەردەچێت
ژمارە (٣٧)
شوباتی ٢٠١٣ ساڵی هەشتەم